
## زەرد بۆ هەموو کات و شوێنێک گونجاوە









## بازنی پێرلێ و قاش گەورە

بازن ئەو ئێکسسوارەیە کە لەگەڵ هەموو وەرزەکاندا جێگەی خۆی لە دڵ و دەست و مەچەکی خانماندا دەبینێتەوە. لە وەرزی بەهار و هاوینیشدا بازن زیاتر دەردەکەوێت، چونکە لەو دوو وەرزەدا جلی نیو قۆڵ و تەنك لەبەر دەکرێن، هەر بۆیە گرووپی (ڤان کلیف)، تازەترین (٣) شێوازی بازنی خۆیان نمایش کردووە، مۆدی ئەو بازنانە زیاتر لە شێوەی قاش گەورە و لایەکی کراوەیە، واتە بازنەکەیان تەواو نەکردووە، ئەو مۆدە تازەیە لە ژێر ناوی (پێرلێ – Perle) دەرکەوتووە، سێ شێوازەکەشی بریتیین لە: شێوازی یەکەمیان بەشێکی کراوەیە و شێوە بازنەییەکەی تەواو ناکات، شێوەی دووەمیش بە نەخش و دیمەنی جۆراوجۆر رازاوەتەوە، شێوەیش سێیەمیش بازنەی تەواوە و نەخەکانیشی وردە، لە چەندین ڕەنگی جیاوازەوە چێ کراوە و دەتوانی بەپێی ڕەنگی جل و ئێکسسوارەکانت یەکێك لەو جۆرە بازنانە لە دەست بکەیت.

هەریەکە لە دیزاینەران و پسپۆڕانی جلوبەرگ (ستیلا ماکارتنی و سۆنیا ریکێل)، دەڵێن: ڕەنگە تێبینی ئەوەتان کردبێت زۆربەی خانمە بەناوبانگەکانی جیهان وەك ئەستێرەکانی سینەما و یاریزانان، لەو کاتەی خەڵات دەکرێن یان بەشداری لە ڕێوڕەسم و بۆنەیەك دەکەن، هەمیشە بە جوانی دەردەکەون و تەنانەت وەك شازادەیەك دێنە بەرچاو، زۆربەشیان جل و کراسەکانیان زەردە. لێرەوە بزانە جلی زەرد شیاوترین جلە بۆ بۆنە و ئاهەنگ و یادەکان و هەمیشە ئەو ڕەنگەت لەبەرچاو بێت، چونکە سەرنجڕاکێشە و لە نێو هەمووواندا دیارە. مەرج نییە جلەکەت زەردی تۆخ بێت، بەڵکو دەکرێ زەردی کاڵ و پرتەقاڵی و لیمۆیی یان زەردی زێڕی بێ. ئەو دوو دیزاینەرە لە بارەی شێوازەکانی ڕەنگی زەرد دەڵێن: ئەگەر ویستتان کراسی زەردی کورت و درێژ لەبەر بکەن، دەتوانن لەگەڵ جینزێك ڕێکی بکەن، یان دەتوانن جینزی زەردیش بۆ گەشت و سەیران بپۆشن، بۆدی و کراسی زەردیش بۆ کاتی دەوام و دەرچوون گونجاوە، ئەگەر ڕەنگی زەردیشت لەبەر کرد، هەوڵبدە پشتێن و ئێکسسوارەکانت لە ڕەنگی تۆخ بن، وەك : قاوەیی و ڕەش.



## هەست و خۆشەویستی نێوان هاوسەران

دەگوترێت خانمان لەو کاتەی هەست دەکەن شاژن و تاجی خۆشی و شادییان لەبەرە کە لەگەڵ هاوسەر و کەسانی نزیکیان لە کەشێکی خۆشی و بەختەوەریدا دەژین، زۆربەی کچان خەون بە ژیانێکی هاوسەری پڕ خۆشی و کامەرانی دەبینن ڕەنگە هەندێ جاریش بەو ئاواتە و خەونە نەگەن. لەوانەشە کۆمەڵێك هۆکار هەبن ژیانی نێوان خۆت و هاوسەرت یان دەستگیرانت تێکبدەن و تۆش ئاگاداریان نەبیت، وا هەستیش مەکە لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە ئیدی خۆشەویستی نامێنێت، بەڵکو تۆ دەتوانیت زیاتر پەرە بە خۆشەویستی و هەستی نێوانتان بدەیت. ئەگەر لەم بوارانەدا ڕەچاوی خۆت و هاوسەرت، یان کەسی بەرامبەرت بکەیت، دەبێ ئەوە بزانیت کە ژیانی هاوسەری وەکو کاتی دەستگیرانی و خۆشەویستی نییە، دەبێ جیاکاری بکەیت و هەست بە گۆڕانکارییەکان بکەیت، چونکە لە ژیانی هاوسەریدا زیاتر ڕووبەڕووی بەرپرساریەتی و کاری ڕۆژانە دەبیتەوە. هەمیشە نابێ وا بیر بکەیتەوە کە خۆشەویستی نامێنێت، خۆشەویستی هەر بەردەوام دەبێت، بەردەوام ڕەنگە ئاگاداری نەبیت و بەهۆی سەرقاڵ بوونت بە ژیانی ڕۆژانە و کاروباری ماڵ و منداڵیش ئەرکێکی قورسە، بۆیە ئێوەی خانمانیش هەوڵبدەن، ڕێگەیەکی ئارام لەگەڵ هاوسەرانتان بگرنە بەر و یارمەتی و پاڵپشتیان بکەن، ئەگەرچی جار جارەش ئەوە پێویستی بە قوربانیدان دەبێت.

## بۆشایی لە دیکۆری ماڵەکەت مەهێڵە

بەهۆی کێشەی نیشتەجێ و نەبوونی ڕووبەری زۆر لە خانووەکاندا، زۆر جا خانمان تووشی گرفت دەبن، تەنانەت هەندێ لە ماڵەکان ڕووبەرێکی زۆریشی هەیە، بەڵام کابانانی ماڵ لە دانانی کەرەستە و کەل و پەلەکان هەڵە دەکەن، بەمەش زۆربەی دیکۆری ماڵیان تەسك و تەنگ دەبێت، بەم جۆرە پسپۆڕان و ڕاوێژکارانی جوانکاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە چەند ڕێنمایی و زانیارییەکیان خستۆتەڕوو :

- ئەو کەرەستانە هەڵبژێرە لەگەڵ شوێنی دیکۆری ماڵەکەت دەگونجێن، واتە قەبارە و پێوانەیان لەگەڵ بەشەکانی دیکۆرەکەت گونجاو بن، هەر شوێنێك بەپێی پێوانەی خۆی کەرەستەی بۆی دابین بکە.
- نابێ وا بیر بکەیتەوە کە شوێنی بچووك پێویستی بە کەرەستەی بچووکە، یان شوێنی گەورە بە کەرەستەی گەورە پڕ بکرێتەوە، بەڵکو دەتوانی پێچەوانەیان بکەیت تا دیکۆرەکەت تەسك نابن.
- هەندێ کەرەستە و کەل و پەل هەن، کە دەچەمێننەوە، واتە ئەگەر ژووری چێشت بە نموونە وەربگرین، دەتوانی مێزێکی چەماوە یان ئەوانەی دەچێنە بار یەکتر دابنێت و لەو کاتەی کارت پێی دەبێت بیکەیتەوە و پاشانیش بیچەمێنیتەوە.
- هەوڵبدە کتێبخانە و ڕەفەکانی ماڵت بچووك و بەرز بن، چونکە ئەگەر پان و بەرین بن، شوێنێکی زۆرت لێ دەگرێت و بەمەش دیکۆرەکەت تەسك دەکات. مەهێڵە بۆشایی لە نێو کەرەستەکانت هەبێت وەك لە ژووری چێشت و میوان.



# شمشاڵ ژەنێک و شمشاڵەکەی هاوتەمەنن

زۆرن ئەوانەی بە هەست و سۆزەوە ئامێرەکانی میوزیك دەژەنن، هەندێکیان لە خۆیانەوە فێربوون، واتە جگە لەو حەزەی دڵیان بۆ ژەنینی ئامێرە دەنگدەرەکان دەچێت، وەك بەهرەیەکیش ئەو حەزە لە نێو ناخیاندا هەڵدەقوڵێت. شمشاڵ کەرەستەیەکی میوزیکی دێرینی کوردییە و جارانیش پیاوان و گەنجانی کورد بە شمشاڵ چەندین ئاوازی خۆشیان بە گوێ خەڵك و میوانانی دیوەخاندا دەژەنی. یەکێك لەوانەی بە درێژایی هەموو تەمەنی وەك میوزیکژەنێکی شمشاڵی ون هەموو تەمەنی لە شمشاڵ لێدان بەسەر بردووە، ئەو پیاوەیە کە ناوی (موحەمەد خەیاری شمشاڵ بێژە) کە لە ساڵی (١٩٤٠) لە دایك بووە، خەڵکی گوندی گۆمەسپانە و هەر لە منداڵییەوە شەیدای ژەنینی شمشاڵ بووە. لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە شمشاڵێکی پێدراوە و تا ئێستا پاراستوویەتی و دەیژەنێت، وەکو خۆی دەڵێ: جاران کە شوانی بەر مەڕ و ماڵات بووم، بە درێژایی ڕۆژ شمشاڵم دەژەنی، ئەو شمشاڵەی ئێستاشم لە (مەعدەن) دروست کراوە، کە لە ستیل و داریش دروست دەکرێن. باوکی (٩) منداڵم و ئەوانیش ڕۆژانە گوێبیستی دەنگی شمشاڵەکەم دەبن، ئەگەر ڕۆژێك شمشاڵ نەژەنم، وا هەست دەکەم شتێکی گەورەم لێم ون بووە، شمشاڵیش ئامێرێکی کۆنی کوردەوارییە و لە پێکهاتەیدا نێر و مێیەی نییە، شمشاڵی باش (٥) کونە، بەڵام گرنگە شمشاڵ ژەن بزانێت چۆن لێیدەدات.







# مۆدی نینۆکی ریشدار !


رۆژ لە دوای رۆژ، بواری مۆدە و جوانکاری ئافرەتان لەلایەن دیزاینەران و داهێنەرانەوە لە تازەگەری و داهێنان بەردەوامە، هەر کارێکی تازەش دەبێتە جێی سەرنجی خانمان. بۆیە کردن و شێوەی نینۆکەکانی پەنجەش یەکێکە لەو نموونە زەقانەی کە بەردەوام کاری تازەی لەسەر دەکرێت، ئەوەتا سەیرترین مۆد و شێوازی نینۆکیان هێناوەتە کایەوە، ئەو مۆدە بە (نینۆکە ریشدار - Furry Nails‹) ناسراوە،

داهێنەرەکەی پسپۆڕێکی نیوزیلەندی-یە بە ناوی (جان ئارنۆلاند) و مۆدی نینۆکەکەی بە ریشاڵی نەرم و جوان رازاندووەتەوە، زیاتر لە پێشەوە و سەرەوەی نینۆکەکانەوە دەردەکەوێت، ئەم مۆدەشی لە درێژەی کارە سەیرەکانی رابردووی کە کۆمەڵێك شێوازی جوان و سەیرە بە نینۆك و دەستەوە، بە بڕوای خۆی دەڵێ : نینۆکی ریشدار جوانترە لە نینۆکی بۆیەدار.

# جینیڤەر لۆرینز :
# تەنیام و کەس منی خۆش ناوێت



رەنگە زۆربەمان وا بیر بکەینەوە کە کەسایەتییە ناودار و بەناوبانگەکانی جیهان، هەمیشە لە ژیانێکی خۆش و دەوروبەر ئاوەداندا دەژین، تەنانەت هەموو کەسێکیش ئامادەیە تا لە بواری هەست و ئەویندا لەگەڵیان بن و هاوسۆزییان بکەن، کەچی کچە ئەکتەرێکی هۆلیوود ئەو بیرۆکە و قسانە رەتدەکاتەوە و دەڵێ: من زۆر تەنیام و کەسیش نەبوو تا ئێستا منی بوێت و منیش لە دڵەوە خۆشم بوێت، ئەوە قسەکانی خانمە شۆخ و شەنگی ئەمریکی (جینیڤەر لۆرینز)ە، کە تەمەنی (٢٦) ساڵە و سەرمایەکەی (٥٢) ملیۆن دۆلارە، بەڵام هەمیشە هەست بە تەنیایی دەکات و زیاتر دەڵێ: سامان و سەروەتی دنیا ناگات بە هەست و خۆشەویستی کەسێك کە لە ناخەوە تۆی بوێت، دەشڵێ: ئەگەرچی زۆربەی گەنجان و پیاوان لە دوای منن، کە خۆم هەستیان پێدەکەم تەنیا بۆ سامان و پارە و موڵکەکان داوام دەکەن، تا ئێستاش هەستم بە خۆشەویستی و سۆزی هیچ کەسێك نەکردووە و کەسیش پێی نەگوتووم کە (خۆشمدەوێت) !




## پەند و وتە

- تۆماس ئەدیسۆن دەربارەی شکست و هەوڵدان دەڵێ :
ئەوانەی هەست بە شکست دەکەن لە کار و هەوڵەکانیان، بێگومان هەستیان بەو کاتە نەکردووە کە دەگەن بە ئەنجام و سەرکەوتنی کارەکەیان، لەوەش گرنگتر نابێ لە هەوڵدانیان بۆ سەرکەوتن هەست بە بێزاری بکەن.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە چینی هەژار و دەوڵەمەند دەکات، کە ئەوانەی ژیانیان خۆشە خۆشترین خواردن نۆش دەکەن، هەژارەکەش دەبێ نانی ڕەق و وشك بخوات.



## تابلـــۆ



- دوای باران
گوزاشت لە سرووشتی ژیان و باران بارین دەکات، کە لەلایەن هونەرمەندی ئەمریکی (پاوڵ کۆرنیۆر) وێنەی کێشاوە. پاوڵ لە ساڵی (١٨٦٤) لە ئەمریکا لە شاری لویس میسووری لە دایك بووە، دواتر گەشتی بۆ وڵاتی فەرەنسا کردووە لەوێ زیاتر پەرەی بە کارەکانی داوە، ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٩١٠) کێشاوە، تابلۆیەکە بە درێژی (١٥٠) سەنتیمەتر درێژی و (١٤٠) سەنتیمەتر پانییە، تابلۆیەکی زەیتی کانڤاسە، ئێستا لە موزەخانەی ویلایەتی مەیسووری هەڵگیراوە، لە ساڵی (١٩٢٣) کۆچی دوایی کردووە.



## باڵندەکانیش تووڕە دەبن و تۆڵە دەکەنەوە

## یاری وێنە

- لەم وێنەیەدا گیاندارێك هەیە، بە وردی سەرنجی بدە و بیدۆزەوە !





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پێویستە خۆڕاگر بیت و هەست و دەروونت ئارام بکەیتەوە. لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بە هێمنی و سادەیی مامەڵە بکە. لەگەڵ کەسێکدا هەستەوەری، بەڵام پێویستە کۆك بن و بە یەکەوە بن. بیر لە دوارۆژت بکەرەوە. ماوەی داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، کەسایەتیت بەرزە و پارێزگاری لێی بکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسانی دیکە وا هەست دەکەن کەسێکی تووڕە و توندی، وا هەست ناکەن کە کەسایەتیت بەرزە و ژیرانە بیر دەکەیتەوە. کاتێك ئەرکێك جێبەجێ دەکەیت، دەبێ بە گەشبینییەوە بیر بکەیتەوە. هەوڵ بدە هەوڵەکانت تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆت نەبێت، با کەسانی دیکەش بگرێتەوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

دوودڵ مەبە لە کارەکانت و جارجارەش کێبڕکێ لە کارەکانت بکە، چونکە دەوروبەرت وادەزانن کەسێکی لاوازی و بۆیان بسەلمێنە کە بیرکردنەوەت بەرزە و کەسێکی زیرەکی. کاتی تایبەت بە خۆت بدە، چونکە ماوەیەکە ماندووی و پێویستت بە پشوودان هەیە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەرەو کاتێکی خۆشی ڕێگە دەگریت و لەگەڵ کەسێکدا لەسەر تێگەیشتن لە یەکتر هەنگاوی باشتان بڕیوە و پارێزگاری لە یەکتر بکەن. هەوڵی نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ کەسانی ماڵەوەتدا بدە و خۆت بێبەری مەکە و ئەو ئەرکەی لەسەرتە بە ڕێکی جێبەجێیان بکە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێگەت بەهێزە و مەهێڵە کەسانی دیکە کاریگەریت لەسەر بکەن و بەرەو گەشبینی و دڵەوشانەوەی هەستەکانت دەچێت، چالاکییەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، بەڵام هەستت فەرامۆش کردووە، کارەکانت دووبارە ڕێکبخەرەوە و کەسێکی کراوە بە و کاتیش بۆ خێزانەکەت دابنێ.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

واز لە نەریتە کۆنەکانت بکە و بەدوای تازەگەری و نوێکاریدا بگەڕێ، بەتایبەت لایەنی هەست و دەروونت بپارێزە و مەهێڵە لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەتدا تووشی گرفت ببنەوە. هەمیشە کارەکانت بۆ بەرژەوەندی خۆت بێت، ئاگاداری دواکەوتنت بە کارەکانت جێگەی بایەخن.



تووڕەیی و یاخیبوون گەورە و بچووکی نازانێت، تووڕە بوون و تۆڵەسەندنەوەش بە چەندین شێوە دەردەکەون، هەر تەنیا مرۆڤ تووڕە نابێت، بەڵکو باڵندەکانیش لە هەر شێوە و قەبارە و جۆرێك بن، تووڕە بوون دەیانگرێت و داکۆکی لە خۆیان دەکەن. جۆرە باڵەندەیەکی بچووك هەن ناویان (باڵندەی پاشا)یە، لە شێوەدا بچووك و رەنگاوڕەنگن، لەو کاتەی (باز)ێك هێرش دەکاتە سەر هێلانەکەی ئەو باڵەندەیە تا بێچووەکانی ببات، بەڵام ئەو باڵندە بچووکە ناهێڵێت و دوای بەرگری بازەکە دەردەکات و هەر بەوەندەش ناوەستێت و بەڵکو دوای ئەوەی بازەکە دەڕوات، دوای دەکەوێت و دەچێتە سەر پشتی و بە دەنووك لێدانی دەیخاتە خوارەوە، ئەو وێنانە لەلایەن وێنەگرێك بە ناوی (گیراردۆ گرایس) گیراون کە خۆی شایەتحاڵی حاڵەتەکە بووە.

## بۆ زانیاریت



- هێڵەکانی پەنجە – پەنجەمۆر

هێڵەکانی پەنجەی هەر کەسێك جیاوازە بۆ کەسێکی دیکە، ئەگەرچی خەڵکی جیهان زیاترن لە (٧) ملیار کەسن، کەچی نەخشی پەنجەی هەر یەکێکمان بەوەی دیکە ناچێ، تەنانەت هێڵی پەنجەی جمك و دووانەکانیش جیاوازن، ئەگەر وردبینێك بهێنیت و سەیری لەپی پەنجەکانت بکەیت، چەندین نەخشی جۆراوجۆر هەن و هەریەکە جۆرە نەخشێکە، وێڕای ئەوەی ئەو کەسانی خزم و ناسیاوی یەکترن کە ترشۆکەیان (DNA) هاوشێوەیە، بەڵام لە هێڵی پەنجەیان جیاوازن، لە ساڵی (١٨٥٨) زانایەکی بەریتانی بەناوی (ولیەم هێرشل) یەکەمین کەس بوو نەخشی پێستی ناو لەپی دەستی بۆ هەر کەسێك دیاری کرد، پاشان لە ساڵی (١٨٧٧) یەکێکی دیکە بە ناوی (هینری فۆڵدز)، وێنەی هێلکاری پەنجەی خستە سەر کاغز ئەمەش بە رێگەی حەبری رەشەوە، پاشان لە ساڵی (١٨٩٢)، فرانسیس گاڵتۆن، توێژینەوەیەکی گرنگی کرد و ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هێلکاری پەنجەی هەر کەسێك لە منداڵیەوە تا دەمرێت هەمان هێڵە و ناگۆڕێت.

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

| ه | هـ | ژ | هـ | ا |
|---|---|---|---|---|

ئاسانکاری : شاعیرێکی کوردە !



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پێوەندییەکانت بەرەو باشتر و جێگری دەچن. هەست بە چالاکییەکانت دەکەیت و لە بەرپرسیاری خۆت رامەکە و رووبەڕووی کێشەکانت ببەوە. هەست و دەروونت بۆ کەسانی دەوروبەرت کراوەتر بکە و هاوخەم و هاوسۆزیان بە. لەگەڵ کەسێکدا کێشەکانت بەرەو کۆتایی دەچن.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەست و بیر کردنەوەت ئەوەندە هەستەوەر مەکە و گرنگی بە کارەکانی خۆت بدە و ئەرکی ئێستات بۆ کاتێکی دیکە دوامەخە. لەسەر کاروباری رۆژانەت خۆت جێگیر بکە و مەهێڵە کەسانی دیکە کاری لەسەر بکەن، لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە توندی مامەڵە دەکەیت و هێمن ببەوە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کۆبوونەوەی ئەو هەموو ئەرکە لە سەرت کاریگەری زۆری لە سەر ژیانت دروستکردووە و بەمەش کاری رۆژانەتی لێی شێواندووە. گرنگی بە هەستەکانت بدە و بە هۆی کەسێکەوە ژیانی خۆت تێکمەدە. ئەو ماوەیە هەست بە ماندبوون دەکەیت و پێویستت بە سەفەرێکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پرۆژەیەکی باشت لە مێشکە بەڵام ئێستا کاتی نییە جێبەجێ بکەیت، ئەگەرچی کەسانێك هەن هاوکاریت دەکەن، بەڵام پێویستە لە کاتێکی دیکەدا کاری لەسەر بکەیت، قوناغێکی دیکەی ژیانت دەست پێدەکات و چاوت لەسەر ئەو کەسە بێت کە هەمیشە هاوکارتە و پشتگوێی مەخە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

رێگە مەدە کەسانێکی دیکە بێنە ناو کارەکانت و بیر لە ئامانجەکانت بکەرەوە و هەمیشە کارێك بکە جێگەی بڕوای خۆت بێت، ئەو هەنگاوانەش فەرامۆش بکە کە کاریگەری نەرێنییان لەسەر ژیانت هەبووە. هەر کاتێکت بۆت رەخسا کار لەگەڵ کەسانی نزیکت بکە و هاوسۆزیان بە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دڵنیابە لەو کارانەی ئێستات، چونکە بەرەو ئەنجامێکی سەرکەتوو رێگەدەگرن. متمانەت بە کەسانی نزیکت هەبێت، چونکە بەرژەوەندی تۆیان دەوێت. کەسێکی هەستیاری و دوودڵی لە هەنگاوەکانت، چارەسەریش بۆ کێشەکانت پێویستی بە کاتە و گرنگیی زیاتر بە ژیانی خۆت بدە.